# ڕێنمای بۆکەسانی سەرپەرشتیکار/چاودێر

## ١ . بەگشتی

لەچوارچێوە بازنەی ئەوکارەی کەبەتۆ سپێردراوە ، ئەرکی سەرشانتە کەلەکاروباری دادو دەرەوەی دادیشدا ، بۆ ئاسودەی ئەوکەسە کاربکەیت ، کەسەرپەرشتی دەکەیت . توانای مامەڵەی یاسایی کەسی سەرپەرشتیکراو/ مافی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ، لە کاتی سەرپەرشتیدا ، وەک خۆی دەمێنێتەوە .

تۆ وەک کەسی سەرپەرشتیار ، لەحالەتی ڕێککەوتن نامە/ مامەڵەی یاسای لەگەڵ خۆتدا یاخود ئەوپرۆسانەی کەلەگەڵ هاوسەرەکەتدا یان ئەوکەسی کەوەک هاوبەشی ژیانت تۆمارکراوە یان کەسێک لەکەسوکارە ژمارە یەکەکانت ( نەنک ، باپیر ، دایک ، باوک ، نەوە ) ناتوانیت بریکاری کەسی سەرپەرشتیکراو بکەیت . لەم کاتەدا گرنگ نییە کەکارەکە سەبارەت بە خۆت ـ بەبریکاری تۆ ـ کەسی سێهەم بێت .

یەکێک لەڕەگەزە بنەڕەتیەکانی سەرپەرشتیکردن پەیوەندی کەسییە ، بەتایبەتی گفتوگۆی کەسی / شەخسی . هەوڵبدە بەپێی توانا خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو جێبەجێ بکەیت . ئەمەش کاتێک کەدژی ئاسودەی کەسەکە نەبێت .

تکایە لەچوارچێوەی بازنەی کارەکتدا بۆ نەهێشتنی نەخۆشی یان کەم ئەندامێتی ، هاوکاربە لەقۆستنەوەی هەموو ئەو هەلانەی کەدێتە بەردەم کەسی سەرپەرشتیکراو یان باشکردنی یان بەرگرتن بەخراپ بونی یان لێکەوتەکانی کەم بکەیتەوە .

**ئەلف ) گرنگیدان بەکاروباری شەخسی / کەسی**

مەبەست لەگرنگیدان بەکاروباری شەخسی گرنگیدانە بە تەندروستی ، شوێنی نیشتەجێبون ، ڕێکخستنی کاروباری ژیان .

**بێ ) گرنگیدان بەکاروباری سەروەت و سامان**

گرنگیدان بەکاروباری سەروەت وسامان ، ئەرکی ئەوە دەخاتە سەرشانت کەبەشێوەیەکی ڕێکوپێک سەروەت و سامانەکە بەڕیوەبەریت ، لەگەڵ ئەمەشدا خواستەکانی کەسی سەرپەرشتیکراو لەبەرچاو بگریت . سامانەکە بەشێوەیەکی ئابوریانە و قازانج کردن و لەژێر چاودێری بەردەوامدا بخرێتەگەڕ .

## ٢ . دەسەڵاتپێدان / ڕەزامەندی لەلایەن دادگاوە

بۆکاروباری گرنگو تایبەت ، پێویستت بە ڕەزامەندی دادگای سەرەتای هەیە بەتایبەتی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە :

١ . بۆ نیشتەجێکردن لەدامەزراوێکی داخراودا ( بۆنمونە لەنەخۆشخانەی دەرونی ) یاخود بردنەناو بەشێک لەبەشەکانی دامەزراوەیەکی داخراو . ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر ترسی ئەوە لەئارادابێت ، کەکەسی سەرپەرشتیکراو مەترسی لەسەر ژیانی خۆی هەبێت ـ یاخود بەمەبەستی پشکنین یان پێویستی چارەسەرکردن ،

٢ . لەپرۆسەی هاوشێوەی نیشتەجێکردنی بەردەوام لەدامەزراوەیەکدا ، لەخانەیەکدا یان هەرشوێنێکیتری کراوەدا ( بۆنمونە لە لەڕێگەی دەزگایەکی میکانیکییەوە ، دەرمان ، یاخود بەشێوەیەکیتر بۆماوەیەکی دورودرێژ یان بەردەوام ، ئەگەر پێویستبکات مافی ئازادی لێبسەندرێتەوە ،

**ئاماژە بۆ ژمارە ١ لەگەڵ ٢** . : ڕێوشوێنەکانی نیشتەجێکردن ، یاخود هاوشێوەی نیشتەجێکردن کۆتاییان پێدەهێنرێت ئەگەر مەرجەکان لەئارادا نەمابن .

٣ . دەربرینی ڕەزامەندی لەسەر پشکنینی تەندروستی چارەسەرکردن ، بەمەبەستی چاکبونەوە یاخود نەشتەرگەری پزیشکی ، ئەگەر هۆکارەکانی مەترسی لەبەردەستدابێت ، کەکەسی سەرپەرشتیکراو بەهۆی ئەم ڕێوشوێنانەوە ژیانی لەدەستبدات ، یاخود بۆماوەیەکی درێژ زیان بەتەندروستی بگەیەنێت ، تەنها ئەگەر ئەم کارە مەترسی بۆسەر کەسی سەرپەرشتیکراو دروستبکات . یاخود لەنێوان کەسی سەرپەرشتیارو پزیشکی چارەسەریدا ڕێککەوتنێک هەبێت کە ڕەزامەندی ، ڕازینەبوون ، یاخود ڕەتکردنەوەی ڕەزامەندی بەپێی یاسای مافی هاوڵاتی پەرەگرافی ١٩٠١ ئا . هاوشێوەی ڕەزامەندی دیاریکراوی کەسی سەرپەرشتیکراو بێت ( ڕێپێدانی نەخۆش ) ،

٤ . بەتاڵکردنەوە / دەستکێشانەوە لەپەیماننامەی بەکرێگرتنی شوێنی نیشتەجێبوون ، هەروەها ڕونکردنەوەیتر سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مامەڵەی پەیوەست بەکرێ گرتن ( بەڵگەنامە هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ ساحێب موڵکدا ) - **ئەم ڕەزامەندییە لەپێش کاری هەڵوەشاندنەوەوە پێویستە** - ( ڕەچاوی خوارەوە بکە - مامەڵەی ڕێککەوتنی یەکلایەنە ) ،

٥ . بۆمەبەستی بەکرێدان ، ئەگەر ماوەی ڕێککەوتن نامەکە زیاتر لە چوار ساڵی پێبچێت ، یاخود شوێنی نیشتەجێبونەکە لەلایەن تووە پێویست بکات بەکرێ بدرێت ،

٦ . بۆ ئەو مامەڵە یاساییانەی سەبارەت بە موڵکێک ( خاوەندارێتی شوێنی نیشتەجێبون ، بەکرێدانی موڵکی وەرەسە ) یاخود مافێک کەپەیوەست بێت بە بەموڵک/زەویوزار ، بۆنمونە کڕین یاخود فرۆشتنی موڵک لەگەڵ دانی موڵکێک بە بارمتە ( ڕەهنی خانوبەرە ) ،

٧ . بۆ مەبەستی ڕەتکردنەوەی وەرەسە یاخود میراتی یاخود ڕێککەوتن نامەی کاروباری میرات ،

٨ . بۆ مەبەستی فەرماندان لەسەر داوایەک ( بۆنمونە بۆ وەرگرتنی بڕی پارەی دەستەبەری ژیان / تەئمین ، کەکاتی وەرگرتنی هاتبێت . هەڵسپاردنی ئەژماری بانکی وەلەحاڵەتی تایبەتیشدا ، لەکاتی دەرهێنانی پارە لە ئەژمارە بانکییەکە ) ،

٩ . بۆ مەبەستی وەرگرتنی قەرز / سلفە بۆکەسی سەرپەرشتیکراو ،

١٠ . بۆ مەبەستی ڕێککەوتن یاخود بەڵێننامەی جیابونەوە ، لەکاتێکدا ئەگەر نرخی ئەو بابەتەی کەکێشەی لەسەرە ، لە ٣٠٠٠ ئۆیرۆ زیاتربێت ( ئەمە لەکاتێکدا ڕێگەپێدراو نییە ، ئەگەر دادگایەک ڕێکەوتن نامەکەی بەشێوەی نوسراو پێشنیار کردبێت یاخود پرۆتۆکۆل کردبێت ) .

ئەم دارشتنە پراوپڕ نییە ، لەکاتی دودڵیدا واباشترە زانیاری لەدادگای سەرەتاییەوە وەربگریت .

**ڕێککەوتن نامیەک** کەبەبێ ڕێگەپێدانی پێویست واژو بکرێت ، ئەوا لەسەرەتادا هیچ کاریگەرییەکی نابێت . وا پێویست دەکات دواتر مۆڵەت لەدادگاوە وەربگریت ، وەئەم شتەش بەکەسی دووەمی ڕێکەوتنەکە ڕابگەیەنیت . لەدوای ئەمەوە ئەم ڕێکەوتن نامایە مامەڵەی پێوە دەکرێت . تەنها ئەوە بەس نییە کەکەسی دووەم لەلایەن کەسی سێهەمەوە لە مۆڵەتەکە ئاگادار بکرێتەوە .

**ڕێککەوتننامیەک/مامەڵەیەکی یاسای یەکلایەنە** ( بۆنمونە دەست کێشانەوە ) کەپێویستی بەمۆڵەت وەرگرتنە ، تەنها لەکاتێکدا بەکارە کەلەسەرەتادا مۆڵەت لەدادگای سەرەتای وەرگیرابێت .

## ٣ . ئەرکەکان بەشێوەیەکی گشتی

تکایە بەلایەنی کەموە ساڵی جارێک دادگای سەرەتای ، لەبارودۆخی کەسی سەرپەرشتیکراو ئاگاداربکەروە .

بۆگرنگیدان بەموڵکو سامان ، پێویست دەکات ساڵانە حساب بخرێتە بەردەست . لەم کاتەدا پێویست دەکات دەسکەوتەکانو خەرجییەکان بەشێوەیەکی یەکلەدوایەکو ڕێکخراو و بەبەڵگەوە داڕێژرابێت ، ئەمەش لەکاتێکدا ئەگەر کارەکە بەڵگەی هەبێت . پسوڵەکان با زنجیرە ژمارەیان لەسەربێت . بەشێوەیەک ، کەبەژمارەکادا دیاربێت کەپسوڵەکە لەحسابەکەدا لەکوێدایە .

لەکاتێکدا ئەگەر تۆ هەستت بە بارودۆخێک کرد ، کەڕی بەلادان یاخود سنوردارکردنی سەرپەرشتیکردنەکە دەدات . یان بەرفراوانکردنی یان پێویستیان بەمەرجی ڕەزامەندی هەیە ، ئەوا دەبێت دادگای سەرەتای لەمە ئاگادار بکرێتەوە .

بەهەمان شێوە پێویستە دادگای سەرەتای ئاگادار بکەیتەوە ، ئەگەر کاروباری نیشتەجێکردن یان هاوشێوەی نیشتەجێکردن بەبێ زانیاری دادگای سەرەتای کۆتای پێهێنرابوو .

لەکاتێکدا ئەگەر بازنەی کارەکانی تۆ ، کاروباری بەکرێدانو بەکرێ گرتن و شوێنی نیشتەجێبوون بێت دەبێت بەبێ دواکەوتن دادگای سەرەتای ئاگادار بکرێتەوە ئەگەر بارودۆخێک بێتە ئاراوە ، کە کۆتای بەکاروباری بەکرێ دانو بەکرێ گرتنە بهێنێت.

تکایە دادگای سەرەتای لەهەموو گۆڕانێکی شوێنی نیشتەجێبوون ، گۆڕینی ئەدرێس ئاگادار بکەرەوە .

دادگای سەرەتای چاودێری کارەکەی تۆ دەکات ، زانیاریت پێدەدات وەیارمەتیت دەدات ، بەتایبەتی ئەگەر ئاستەنگێک لەبەڕێوبردنی سەرپەرشتیکردنەکەدا هەبێت .

جگەلەوەش بەڕێبەرایەتی سەرپەرشتی کردنی ( شارۆچکە یاخود شارەکە ) لەسەرخواستی خۆت زانیاریت پێدەبخشێت ، بۆجێبەجێکردنی ئەرکەکانت .

سەرپەرشتیکردن لەپەرەگرافەکانی ١٨٩٦ تا ١٩٠٨ ئی لەیاسای مافی هاوڵاتی ڕێکخراوە .